# حوكمی جەژنی نەورۆز لە ئیسلامدا

**الحمد لله الذي خلق كل شيء فقدره تقديرًا، والصلاة والسلام على نبينا محمدٍ، الذي أرسله ربه هاديًا ومبشرًا ونذيرًا، وداعيًا إلى الله بإذنه وسراجًا منيرًا،**

**أما بعد :** پێش ئەوەی بێینە سەر حوكمی جەژنی نەورۆز لە ئیسلامدا دەمەوێت تۆزێك بە كورتی لە سەرەتای نەورۆز و میللەتانی پابەست بەو یادەوەریە بدوێم.

## سەرەتایەك بۆ نەورۆز :



نەورۆز سەری ساڵی نوێیە،

نەورۆز ئەو ڕۆژەیە كە ئاگر دۆزرایەوە خەڵك كردی بە جەژن و ناوی نا نەورۆز.

نەورۆز سەركەوتنی كاوە و شكستی زوحاكە،

نەورۆز ئیمامی عەلی، لەو ڕۆژەدا لە دایك بووە .

نەورۆز جەژنی دامەزراندنی یەكەم دەوڵەتی كوردە ،

نەورۆز هەڵبژاردنی { جمشید}ە بە سەرۆكی دەوڵەتی ساسانیەكان ( المجوس )

نەورۆز رۆژی بەرزبوونەوەی خۆرە ،

نەورۆز ڕۆژی ڕاوە دوونانی زستانی سارد و سرو بێ پیت و بەرەكەتە،

نەورۆز ئازاد بوونی دونیایە لەدەست تاریكی بۆ ڕوناكی،

نەورۆز سەركەوتنی {ئەهریمزدا}یە بەسەر {ئەهریمەن}،

ئەو گۆتە و ئەفسانە بریقەدارانە تەنها منالیشی پێ لەخشتە نابردرێت مەگەر تەنها كەسێكی گەمژەو سەرلێشێواو نەبێت، یان ناحەزی ئیسلام بێت،

چونكە ئیسلام بن بڕی مەجوسیەكان بووە ئیمپراتۆریەتەكەیانی لێ هەڵوەشاندنەوە دوای ئەوەی 425 ساڵ فەرمانڕەواییان كرد و بەردەوام بوون لە چەوساندنەوەی خەڵكدا. لە دروست

بوونەوەیان بۆ جاری دووەم بە سەرۆکایەتی {ئەردەشیر}ی یەکەم وە 30 شاهین شاه فەرمانڕەواییان گرتۆتەوە دەست .



وێنەی ئەردەشێر لەسەر پارەی کۆنیان

وە دواترین سەرکردەیان { یەزید گورد }ە کە یەزیدی سێیەمی پێدەوترێت وکوڕی شەهریارە لە سالی 652 لە خوراسان بەدەستی موسوڵمانان دەکوژرێت لە خەلافەتی ئیمامی { عوسمان } .



یەزیدگورد

## واتای نەورۆز :

نەورۆز لە دوو وشەی فارسی پێک هاتوە ( نەو + روز ) واتە ڕۆژی نوێ کە دەکاتە سەرە ساڵ.

یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی ساسانی، یان دەتوانین بڵێین ( المجوس ) زەردەشتیەکان،

یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی قیپتیەکان لە میسر ،

یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی بەهائیەکان،

یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی ئێرانی شیعە مەزهەبی ئێستایە .

یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی کوردی بووە بە زۆری .

### مێژووی نەورۆز :

وادیارە بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە کە ئاماژە بۆمێژووی نەورۆز دەکات لە نێو مێژوو نوسان و نوسەراندا، بەڵام ئەوەی کە زۆر باوە دەیگەڕێننەوە سەردەمی { جمشید}کوڕی تەهمۆرس کە چوارەمین سەرکردەی فارسەکانە و یەکێکە لە شاهین شاهەکانی ئێران و تەنها کورد نیە هەرچەندە دەهۆڵ کوتەکان و زورنا ژەنەکان پاگەندەی کوردی بۆ دەکەن .

## بەهائ یەکان و نەورۆز :



(ميرزا حسين علي )

سەرەتا بابزانین بەکورتی بەهائی چین :

بەهائیەکان لە ئێرانەوە سەریان هەڵدا و ئاینێکی دەستکردە لە لایەن (ميرزا حسين علي ) وە نازناوی (البهاء)ی بەخۆ هەڵگرت کەسێکی شیعە مەزهەب بوو، بانگێشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد لەساڵی 1844 لە شاری شیرازی ئێران بە لەپاڵ پشت بوونی جولەکە.

هەر بە ئەوەندەش نەوەستا بەڵکو داوای خوایەتی دەکرد و دەیگوت من پێغەمبەرانم هەناردوون من نامرم و هەر دەمێنم گەرچی بەجەستە لەبەر چاوتان وون دەبم، من لە گیانی خواوە دروست بووم و بەهاتنی من ئاینی پیرۆزی ئیسلام لادرا و نەما.

بیرو رای زانایان سەبارەت بە بەهائیەکان:

( شێخ ابن باز) رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموویێت { ..فلا شك في كفرهم وأنه لا يجوز دفنهم في مقابر المسلمين... }گومان نیە لە کافر بوونیان وە نابێت لە گۆڕستانی موسوڵمانان لە گۆڕ بنرێن

.

وە (دار الإفتاء بالأزهر)دەفەرموون :

{ فالبهائية فرقة مرتدة عن الإسلام ....} بەهائیەکان گروپێکی هەڵگەڕاوەن لە ئیسلام، واتا کافرن.

ئینجا بابزانین نەورۆز چ دەورێکی هەیە لەم ئایینە دەست کردەدا،

بەهائیەکان مانگێکی بەهائی بەرۆژو دەبن کە پێی دەوترێت مانگی (العلا ) لە 2 ئازار دەست پێدەکات تا 21 ئازار وە ئەم مانگەیان کۆتایین مانگی ساڵە بە مێژووی ئەوانەوە.

هەروەها مانگ لە لای بەهائیەکان 19 رۆژە، رۆژی جەژنەیان رۆژی نەورۆزە و سەرەساڵیانە.

چۆن لە کتابە موقەددەسەکەیاندا وا هاتووە { **يا ملأ الإنشاء قد كتبنا عليكم الصيام أياما معدودات وجعلنا النيروز عيدا لكم بعد إكمالها ..** } وەهەروەها بەلای بەهائیەکان لەورۆژەدا کار کردن حەرامە چونکە گەورەترین جەژنیانەو سەرە ساڵە { **ان الاشتغال في ذلك اليوم محرما لانها ايام راحة وسعاد وسرور للجميع** }

کەواتە نەورۆز جەژنی بەهائیەکانە .



ئەمە گۆڕی(البهاء)یە لە فەڵەستین لە حەیفا

## قبتیەکان و نەورۆز :




قبتیەکان ئەو کەسانەن کە لەسەر ئینجیلی دەستکارکراو ماونەتەوە، دیانەکانن یان بەواتایەکی تر گاورەکان ،
نەورۆز بەلای ئەوان سەرەساڵیانە و ڕۆژێکی پیرۆزە ، پێی دەڵێن (عيد الربيع ) وەهەروەها (**شم النسيم**).
ڕۆژ هەڵاتی ڕۆژی 21 ئازار دەردەچن بۆ دەرەوە و بۆ شوێنە هاوینەهەوارەکان و خواردنی تایبەت لەگەڵ خۆیان دەبەن کە پەیوەستە بەو جەژنەیان وەک هێلکە و خاس و نۆک و ماسی سورکراوە کە داب و نەریتی باب و باپیرانیان بووە کە فیرعەونەکانن .

امام { **الذهبي** } **رحمه الله** دەفەرموویێت { فأما النيروز، فإن أهل مصر يبالغون في عمله ، و يحتفلون به ، وهو أول يوم من سنة القبط ، ويتخذون ذلك عيداً، يتشبه بهم المسلمون } **مجلة الجامعة الإسلامية عدد 103 -104**

واتا : بەلأم نەورۆز خەلْكی میسرِ زیادەرِەوی تێدا دەكەن ئاهەنگی بۆدەگێرِن، وە نەورۆز یەكەم رِۆژ لە سالْی قبتیەكانە ئەو رِۆژە دەكەن بە جەژن، وە هەروەها موسولْمانان لە سایەی ئەوان دەكەنەوە .

كەواتە نەورۆز جەژنی گاورەكانی میسرە .

## شیعە و نەورۆز :



خومەینی لە پەرتوكی { **تحرير الوسيلة 1/ 98-99** }

رۆژی نەورۆز بە رۆژێكی پیرۆز دەنرخێنێت وە دەلێت خۆشۆردن بۆ ئەم رۆژە سوننەتە و خێری لەسەر وەردەگیرێت، وە لەلاپەرەی 203 – 303 لە بەرگی یەكەمدا لە هەمان سەرچاوەدا بە یادەوەریەكی موسولْمانان لەقەلەم دەدات و دەیهێنێتە رێزی { **يوم الغدير**} كە رۆژێكی زۆر پیرۆزە بەلای شیعەوە نەوەك بەلای موسولْمانان.

وە لە پەرتوكی { **بحار الأنوار** }ی شیعەدا هاتووە سوننەتە رۆژی نەورۆز بەرۆژو بیت وە چاكترین بۆن لەخۆت بدەیت وە جوانترین و پاكترین جلْ بپۆشیت { **باب استحباب صوم يوم النيروز والغسل** }**108/48**

وەهەروەها گەورەترین موفتیان كە خوئی ناوە لە فەتوای 1331 دا { كتاب صراط النجاة 2 / 426} دەلێت { وأمّا أعمال يوم النّيروز.. }كارو كردەواكانی رۆژی نەورۆز وەك خۆشۆردن و جلی جوان لەبەركردن و بۆنی خۆش لەخۆدان و بەرۆژی بوونی ئەم رۆژە { يغفر لك ذنوب خمسين سنة }خوا لە گوناهی پەنجا سالْ خۆش دەبێت.

كەواتە نەورۆز یادەوەریەكی پیرۆزی شیعەكانە و چەژنی سەرەسالْی ئێرانە لەهەمان كاتدا.

## زەردەشتی و نەورۆز :



### کورتەیەک لەسەر زەردەشتیەت :

ئەم ئایینە دەستکردەیە دەگەڕێتەوە بۆ زەردەشت کە لە  نزیکەی 600 ساڵ پێش لە دایک بوونی عیسا سەلامی خوای لەسەر بێت، لە دایک دەبێت هەرچەندە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە نیە کە مێژوو نوسان بگەڕێنەوە سەری بۆ سەرەتای ئەم ئایینە، بۆیە چەندین بۆچوون هەن بۆ سەرەتای لە دایک بوونی زەردەشت و سەرهەڵدانی ئایینەکەی.

زەردەشت بانگەواز دەکات گوایە من پێغەمبەرم لەلایەن خواوە نێردروام بۆتان لە کۆتایی چەرخدا و ویستی خوا وابوو کۆتایی ژیان بەمن بێنێت،
{أيها الناس، إني رسول الله إليكم.. لهدايتكم، بعثني الإله في آخر الزمان.. أراد أن يختتم بي هذه الحياة الدنيا } الآي **30** "الجاثا ياسنا"

شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە دەستکردە باس لە یەک خوا پەرستی دەکەن بەبەڵگەی ئایەتەکانیان لە پەرتوکی موقەددەسیان بۆنموونە { **في قلبي ينبوع الإيمان بأنك أنت وحدك أهورا مزدا، الإله وأنك الأوحد الأقدس الخيّر الحق!!!** }"الآي **44** من الجاثا ياسنا"

واتە : لەدەڵمەوە ئیمان  سەرچاوەی گرتووە کەوا تۆ بەتەنیای ئەهریمزدای ، وە هەر تۆیت تاک و پیرۆز و خێر و راستیت.

بەڵام ئەوە بەس دورە لە ڕاستی ئەی ئەگەر ئەمە وایە ئەی واتای دوو توانا چیە؟؟ یان دوو هێزی دژ بە یەک چیە ؟؟

بیر و باوەڕی زەردەشتیەت :

لەم ئایینەدا هەرچی چاکەیە لە مەڕ ئەهریمزدایە واتە (الله) خوای ڕووناکی، وە هەرچی خەراپەیە لە مەڕ ئەهریمەنە واتا (شەیتان )خوای تاریکی،

ئەهریمزدا دروستکەری هەرچی چاکەیە بەڵام ئەهریمەن سەرچاوەی هەرچی خەراپەیەو دروستکەریەتی{ فكلاهما منشغل في صراع ابدي } هەردوکیان بەردەوامن لە دژایەتی هەتا هەتایە بەواتایەکی ڕونتر هەرچی شەیاتین هەیە، هەرچی خەراپکار هەیە، هەرچی کاری بەد هەیە لە دروستکراوەکانی شەیتانە کاری خراپ بەبێ فەرمانی خودا ڕوودەدات، وە خودا نایەوێت بەڵام هەر دەبێت بێ ویستی خودا .

## فریشتە لە زەردەشتیەتدا:

یەکەم دەستەی فریشتە کە دروست کراون سەرەتا (بهمن) دواتر(اردیبهشت) دواتر(شهریور) دواتر(خرداد) دواتر(مرداد) وە هەندێکیان لە هەندێک دروست کراون وەک ئاگر چۆن لەیەکتر دروست دەبێت بەبێ ئەوەی لە سەرچاوەکەدا کەم ببێت، بەگشتی فریشتە لە ئاگرن ئاگریش ئەگەڕێننەوە بۆ خوا کەواتە فریشتەکان لە خوا دروست کراون .

## نوێژ لە زەردەشتیەتدا :



زەردەشتیەکان پێنج جار نوێژ دەکەن بێ کڕنۆش بردن، نیوەڕۆ و ئێواران و شیوان و شەوان و نیوەی شەو، وە گرنگترین نوێژ بەلایانەوە نوێژی نیوەشەوە لەگەڵ نیوەڕۆ چونکە تاریکی و ڕوناکی لە هەرە ئاست دان ئەو دوو دژە .

## قیبلە لە زەردەشتیەتدا :



( مەهریار فەیرۆز کری ) یەکەکە لە خوا پەرستانی زەردەشت لە پەرستگای تەهران دەڵێت : ئێمە خوا دەپەرستین نوێژی بۆ دەکەین ڕۆژێ پێنج جار بەلاّم ڕووەو ئاگر دەوەستین، قیبلەمان ئاگری خوا دەبێت { فنحن نقدس هذه النار ونجتمع حولها ونعتبرها قبلة لنا } ئێمە ئەو ئاگرە بە پیرۆز ڕادەگرین و لەدەوری کۆدەبینەوە وە بە قیبلەی خۆمانی دەزانین .

## ژن هێنان لە زەردەشتیەتدا :

لە زەردەشتیەتدا برا دەتوانێت خوشکی مارە ببڕێت و بیکات بە ژنی هەر ئەمەندەش نا بەڵک و مام دەتوانێت برازاکەی خۆی بێنێت وە خاڵ بەهەمان شێوە ، بۆیە زۆر لە مێژوونووسان باسیان لێوە کردووە وەک( هیرۆتس)و (فیلۆن )و زۆر لەزانایان و مێژوونووسانی ئیسلام بۆ نمونە : ئیمام (المقدسي) دەفەرمووێت بەڵگەو دەلیلیان لەسەر بە دروست دانانی مارە بڕی خوشک پشت بە ڕەفتاری ئادەم دەبەستن چونکە لە شەریعەتی ئادەمدا ئەم ڕەفتارە ڕێگە پێدراو بوو {وهم يستدلون بفعل آدم عليه السلام فقد كان مباحاً في شريعته } .

ئینجا پرسیارێک ئاراستەی تەلەفزیۆنەکانی مەجوسی ببورن کوردی دەکەم کەی تیڤی یان زاگرۆز تیڤی یان کوردسات تیڤی خوا بن بریان بکات،
ئەگەر ئێوە بانگەوازی ئایینی زەردەشت دەکەن بۆ بە ڕاستی بەخەڵک ڕاناگەیەنن ئەمە بنەماکانی ئەم ئاینەیە بۆ ناڵێن؟؟
بۆ ڕوونی ناکەنەوە ئەم ئاینە بە ڕەوای دەزانێت خۆشکی خۆت مارە ببڕیت شەرم دەکەن یان هێشتا کاتی نەهاتووە هێشتا میللەتەکەتان تەواو بێ هۆش نەکردووە ؟؟

## ئاهەنگی بوک گواستنەوە لە زەردەشتیەتدا :

دوای گواستنەوەی بوک و سەماکردن و تێکەڵ بوون ئینجا دەست دەکەن بە نان خواردن، چۆنیەتی ڕازاندنەوەی خوانەی خواردن؛ دوای خواردنی جۆراو جۆر دەبێت خوانەی خواردنی بوک و زاوا پێکهاتبێت لەم پێکهاتانە : وەک ( پەرتوکی ئاڤیستا ، هێلکە ، هەنار ،مەقەس ، دەرزی ، داو ) هەریەک لەمانە واتای خۆی هەیەو مانایەک دەگەیەنێت،

پەرتوکی ئاڤیستا: واتا پابەند بوون بەم پەرتوکەو یاساکانی.
هێلکە : واتای هیوای زوو بە دووگیان بوون بۆ بوکەکە دەخوازن .
هەنار : دروشمە بۆ منداڵ بونێکی زۆر .
مەقەس : واتە ناکرێت ژیانی هاوسەری بەردەوام بێت مەگەر لەیەکتر تێگەیشتن و بەیەکەوە بوونی هەردوو لا نەبێت.
دەرزی و داو: واتای ئەمە دەگەیەنێت بۆ بەردەوامی ژیانی هاوسەری دەبێت زۆر لەسەر خۆیی و بەوردی و ئارامی بڕوانیتە ژیانی هاوسەری .

## دۆزەخ لای زەردەشتیەکان :

بیروباوەڕی زەردەشتیەکان سەبارەت بە دۆزەخ گوایە دۆزەخ تەنها ساردە بەڵکو ئاگر شتێکی پیرۆزە بۆیە دۆزەخ شوێنی ئازاردانی خەراپکارانە ناکرێت ئاگری پیرۆز بەکار بێت بۆ خەراپە و خەراپەکاری،
ئاگر گەرمکەرەوەیە و ڕوناکی دەبەخشێت وە خۆشەویستیە.
وە چوار شتی سەرەکی بەلایانەوە پیرۆزن وەک( ئاو ، ئاگر ، خاک،هەوا )

## ناشتنی مردوو لە لای زەردەشتیەکاندا :



شوێن مردووەکانیان پێش هاتنی ئیسلام

بە بۆچوونی زەردەشتیەکان لاشەی مردووەکان دەگەڕێننەوە بۆ شەیتان کەواتە نابێت ئەو پیسیە تێکەڵ بکرێت لەگەڵ ئەو سێ شتە پیرۆزەی باسمان کردن وەک (ئاو ، ئاگر ، خاک ) بۆیە مردووەکانیان لە شوێنێکی بەرز دادەنا تا باڵندە گۆشت خۆرەکان دەهاتن و مردووەکەیان دەخوارد ئەمە چۆنیەتی دەرباز بونیان بووە لە لاشەی مردووەکانین.



بەڵام لە دوای هاتنی ئیسلام ئەم شەریعەتەیان لێ قەدەغە کرا ناچار بوون هاوشێوەی خەڵک ڕەفتار بکەن و مردووەکانیان بنێژن ، هەروەها لەسەر داواکاری زەردەشت کە دەڵێت خۆتان لەگەڵ هەموو کات و سەردەمێکدا بگونجێنن.

ئینجا بابەتمان زەردەشتیەت نەبوو بەڵام لەبەر سەرچاوەی سەرەتای نەورۆز بۆیە بەپێویستمان زانی تۆزێک لەم ئاینە بخەینە ڕوو بەڵام ئەگەر خوا حەز بکات بابەتێکی تێروتەسەل لەسەر زەردەشتیەت ئەخەینە ڕوو بە بەڵگەو دەلیلەوە لە پەرتوکەکانی خۆیان نەوەک لەزاری بەناو نوسەر ومەسقۆفی تر .

## نەورۆز لای زەردەشتیەکان :



زەردەشتیەکان نەورۆز بە یادەوەریەکی زۆر گەورە دەزانن و یەکەم ڕۆژە لە ساڵی نوێیاندا و جەژنی گەورەیانە،
ئینجا گوایە ئەمە جەژنی کوردە بەڵام ئەم یادەوەریە لە هیند و پاکستان و ئەفغانستان و تورکمەنستان و ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیا و میسڕ و سۆماڵ و یەمەن و چەند وڵاتێکی تریش دا دەکرێت،

لێرەوە دەڵێم ئەگەر ئەم یادەوەریە لە کۆنا هی کورد بووە یان بەزۆری بەسەر کوردا داسەپێنرابووە،

ئەمڕۆ کورد موسوڵمانە.
ئەمڕۆ کورد هیچ یەک  ئامادە نیە خوشکی خۆی مارە ببڕێت.
ئەمڕۆ کورد بەیاسای ئیسلام ژن دێنێت و کچ بە شوو دەدات .
ئەمڕۆ کورد باوەڕی بە بوونی دوو دەستەڵات نیە لە گەردوندا .
ئەمڕۆ کورد تەنها زەردەشتی نیە .
ئینجا بەپێی لێکۆڵینەوە و سەرژمێر کردنی ساڵی 2001 دا ژمارەی زەردەشتیەکان گەیشتۆتە چەند هەزارێک لە جیهان تەنها 300 دانەی کوردە سەیر لەوەیە تەلەفزیۆنە کوردیەکان ئەوەندە بانگەوازی ئاینی مەجۆسیەت دەکەن هەر لەبەر خاتری 300 کەس دەتانەوێت 30 تا 40 ملیۆن کورد لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەڵگەڕێنەوە گوایە ئەمە ئاینی کورد بووە.

## ووڵاتانی ئەسکەندناڤی بۆ؟؟؟



ووڵاتانی ئەسکەندناڤیا بەتایبەتی لە سوید ، ڕۆژێکیان هەیە بە ناوی رۆژی بەرزبوونەوەی خۆر ، کە دەکەوێتە ڕێکەوتی 22 ئازار... نازانن بۆچی ئەم ڕۆژەیان هەیە... وە لەچییەوە هاتووە دەترسم ئەوانیش کورد بوبن یان کۆچەری کوردی بوبن بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵات کوێستان و گەرمیانیان کردبێت ...

## سۆماڵ و نەورۆز

لە باکوری سۆماڵ ساڵانە یادی نەورۆز دەکەنەوە و بە جەژنی بەهار مەزەندەی دەکەن وە بە ناوی نیرۆز ناوی دێنن، وە لە 21 ئازار ئەو ئاهەنگە دەگێڕن،
باکوری سۆماڵ کە پێکهاتووە لە دوو تیرەی گەورە بەناوی تیرەی ( ڕیرحەمەد) وە تیرەی ( دیگل مەلەف ) کە دەکەونە (مەقدیشۆ) و (ئەفغۆیە)
ئەم یادەوەریەیان لە پاش ماوەی زەردەشتیەکان بۆ ماوەتەوە لەو کاتەی کە حوکمڕانی یەمەنیان کردوە .

## بەس هی کورد نیە نەورۆز :



هەبوو نەبوو سالانی زوو، کەس لە خوا گەورەتر نیە و کەسیش لە زوحاک زالمتر نەبوو.
ئەگێڕنەوە، کێ نازانم :
لەو ولاتەی کە لە مێژووی کۆندا پێی ئەوترا ولاتی فارس( ئەدی ئێستا چی پێدەلێن )، دێر زەمانێ پادشایەک هەبوو، ناوی زوحاک بوو. تا خوا بلێ بەس، پادشایەکی زالم و بێ بەزەیی بوو. لەسەر لوتکەی یەکێک لە کێوە بەرزەکان کۆشکێکی بە بازوو ئارەقەی نێوچەوانی رەعیەتەکەی، دروست کردبوو.

زوحاک رۆژێک لە پڕ توشی نەخۆشییەکی قورس و بێ دەرمان ئەبێ. هەموو حەکیمانی وولات دەستە دەستە و پۆل پۆل ئەچنەلای بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ نەخۆشییەکەی. کەس پەی بە دەرمانی دەردی نابات.

پیرەژنێکی سیحرباز لە نزیک کۆشکی پادشا زیندەگی ئەکات. رۆژێک پیرەژنی سیحرباز گیراوەیەک ئەگرێتەوە، بەجۆرێک خۆی ئەگۆڕێ پادشا نەیناسێتەوە. ئەچێ بۆلای. خۆی لێ ئەکا بە حەکیم و گیراوەکەی ئەدات بە پادشا و ئامۆژگاری ئەکات، چۆنی بەکاربهێنێ.

زوحاک پاش چەند رۆژێک لە بەکارهێنانی گیراوەکەی پیرەژنی سیحرباز، هەست بە باش بوونی تەندروستی خۆی ئەکا. بەلام لەگەل باشبوونی باری تەندروستی پادشادا، دوو مار، هەریەکەیان لەسەر شانێکی پادشا، وردە وردە ئەڕوێن و گەورە ئەبن.
مارەکان کاتێک برسییان ئەبێ، لە( ناو کونە لوتەکانی ) زوحاکەوە بە مۆخی مێشکی پادشا برسێتی خۆیان ئەشکێنن. زەبەلاحێکی تری مێژوو نوسی کورد دەلێت {ئەژدیهایەک بەشەققە مەشار جەمشیدی داهێناو خۆی کردە پاشا، دوو مار لەسەر شانی ئەم ئەژدیهایە هەبوون، کاتێک برسی دەبوون سەریان دەخستە ( کونە گوێچکەیەوەو ) ئازاریان دەدا }.
بەس گەمژە باوەڕ دەکەن بەو درۆیە شاخ دارانە ،

بەهەرحاڵ حەکیمان جارێکی تر لە پادشا کۆئەبنەوە. بڕیارئەدەن: بۆئەوەی مارەکان واز لەخواردنی مێشکی پادشا بهێنن، ئەبێ هەموو ڕۆژێک سەری هەرزەکارێکی وولاتی پادشا ببڕدرێ و، مێشکی دەرخواردی مارەکان بدرێ..........!!!!

توانای تەواو کردنی ئەو ئەفسانەیەم بۆ ناکرێت پێکەنین دایگرتووم تەواوەکەی هەریەک لە ئێمە دەزانێت چیە و کاوەی ئاسنگەر چی بەسەردێت دوای کوشتنی 6 کوڕەکەی و دەرخواردنیان بە مارەکانی زوحاک. ئەم درۆیە دێرینە کەهەر لەکۆنەوە تا ئێستا بەجێ ماوە تا ئێستاش بەردەوامە لە لایەن مەسقۆفانی کورد بەداخەوە،




خوایە پەنا دەگرم بەتۆ لەو درۆیە گەورەیە، چ جای درۆ لەو گاڵتەجاڕیەی کە بە میللەتی کورد دەیکەن.

ناحەقم مەگرن کەلەسەرەتای بابەتەکەدا ووتم : ئەو گۆتە و ئەفسانە بریقەدارانە تەنها منالێشی پێ لەخشتە نابردرێت مەگەر کەسێکی گەمژەو سەرلێشێواو نەبێت.

لەسەردەمی ئەنتەرنێتدا لە بچوک بونەوەی دونیادا و وەپێش چوونی زانست و زانیاریدا تازە کەسانێکی سەرلێشێواو چەپ و ڕاست بەم گەلە چەوساوەمان دەکەن هەر خوا نەبێت کەس نازانێت بۆ کوێی دەبەن،

بەو گۆتە سوک و چروکانە دوور لە هەرچی ڕاستی، نەورۆزی زەردەشتیەکان دەکەن بە جەژنی گەلی کورد.

ئەگەر جەژنەی گەلی کوردیش بوو بێت بەڵام ئێستا هی کوردی موسوڵمان نیە، دوای ڕوخانی مەجوسیەت چونکە لە فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەردا هاتووە کە ئەنەس ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت دەفەرموویت،

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هات بۆ مەدینە، وە خەڵکی مەدینە دوو ڕۆژی دیاری کراویان هەبوو یاریان تیا دەکرد ( دوو ڕۆژی خۆشی بوون دوو جەژن بوون ) پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی ئەوە چ ڕۆژێکن ئەو ڕۆژانە ؟ فەرمویان لە سەردەمی نەزانی دا ( پێش هاتنی ئیسلام ) یاریمان لەم دوو ڕۆژەدا ئەنجام دەدا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی خوای پەروەردیگار لە بری ئەو دوو ڕۆژە دوو ڕۆژی چاتری پێ بەخشیون ڕۆژی قوربانی و ڕۆژی ڕەمەزان (جەژنەکان ) .

عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه قَالَ { قَـدِمَ رَسُولُ الـلَّهِ صَلَّى الـلَّهُ عَـلَـيْـهِ وَسَلَّمَ الْـمَدِيـنَـةَ وَلَـهُمْ يَـوْمَـان يَـلْعَبُـونَ فِـيـهِمَـا ، فَقَـالَ : مَـا هَذَان الْـيَـوْمَـان ؟ قَـالُـوا : كُـنَّا نَـلْعَبُ فِـيـهِمَا فِـي الْجَاهِلِيَّةِ . فَقَـالَ رَسُولُ الـلَّهِ صَلَّى الـلَّهُ عَلَـيْـهِ وَسَلَّمَ : ( إِنَّ الـلَّهَ قَـدْ أَبْـدَلَـكُمْ بِـهِمَا خَـيْـرًا مِـنْـهُمَا : يَـوْمَ الْـأَضْحَى ، وَيَـوْمَ الْـفِـطْرِ ) وقد روى أبو داود (1134) والنسائي (1556) وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة (2021).

بۆ زیاتر زانیاری  دیارە زانایان و مێژوو نوسانی ئیسلام دەفەرموون ئەو دوو ڕۆژەی کە ئەنسارەکان هەیان بوو ئەو دوو جەژنەی پێش ئیسلام یەکەکیان نەورۆز بوو ئەویتریان کەرنەڤاڵ بوو (**الشيخ عبد الله بن زيد آل محمود , توحيد الاعياد الاسلامية ص 21 , 25 ,,,, والمقريزي في الخطط ج 1 ص 493 و 494 )**


## حوکمی نەورۆز لە ئیسلامدا



زانایانی ئیسلام یەک دەنگن لە بەحەڕام دانانی ئەو یادەوەریە و بەژداری کردنی چونکە یادەوەریەکی کافرەکانە بانگەوازییێکە بۆ کوفر .

{ الزيلعي }یەکەکە لە زانا ناودارەکانی مەزهەبی (**حنفي**) لە پەرتوکی (**تبيين الحقائق**)دا دەفەرمویێت {**والإعطاء باسم النيروز والمهرجان لا يجوز أي الهدايا باسم هذين اليومين حرام بل كفر** } حاشية ابن عابدين **754/6** ط دار الفكر

واتە : دیاری بەخشین بە بۆنەی نەورۆز و کەرنەڤاڵ جایز نیە واتە دیاری بەخشین بەم دوو ڕۆژە حەڕامە و بەڵکو کوفرە .



ابن جبرين

وه شێخ ( ابن جبرين )خوا بیپارێزێت بۆ خزمەتی ئیسلام دەفەرموویت : { لا يجوز الاحتفال بالأعياد المبتدعة كعيد الميلاد للنصارى ، وعيد النيروز والمهرجان ، وكذا ما أحدثه المسلمون كالميلاد في ربيع الأول ، وعيد الإسراء في رجب ونحو ذلك ، ولا يجوز الأكل من ذلك الطعام الذي أعده النصارى أو المشركون في موسم أعيادهم ، ولا تجوز إجابة دعوتهم عند الاحتفال بتلك الأعياد ، وذلك لأن إجابتهم تشجيع لهم .. } فتاوى اللؤلؤ المكين س23

**واته :** نابێت ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یادەوەری داهێنراو وەکو جەژنی لەدایک بوو(سەرەساڵ )ی گاوەرەکان و جەژنی نەورۆز و کەرنەڤاڵ، وەهەروەها ئەوەی کە موسوڵمانان هێناویەتیانە کایەوە وەک جەژنی لەدایک بوونی پێغەمبەر ( مەولود ) لە مانگی (ربيع الأول) وە جەژنی (الإسراء) لە مانگی (رجب) وە هاوشێوەی ئەم جۆرە یادەوەریانە. وە نابێت خواردنی ئەم جۆرە یادەوەریانە بخۆیت کە گاورەکان یان موشریکەکان ئامادەیان کردوە بۆ ئەم جۆرە جەژنانەیان ، وە نابێت بەدەم داواکاری بەشدار بونیان بیت بۆ بەشداری و ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەوە، چونکە وەڵام دانەوەی داواکاریەکەیان و بەشداری کردنیان هۆکاری هاندانیان دەبێت ...



شێخ فەوزان

شێخ فەوزان خوا بیپارێزێت بۆ خزمەتی ئیسلام پاش باسی جەژنەکانی کتابیەکان دەکات دواتر باسی ئەو جەژنە داهێنراوانە دەکات کە جگە لە جەژنە پیرۆزەکانی ئیسلامن بۆیە دەفەرموویت
{ ....عيد الفطر بعد أداء ركن الصيام، وعيد الأضحى

بـعـد أ د ا ء ركـن الحج، ومـا عـد ا ذلـك فـلـيـس هـنـاك أ عـيـا د في ا لإسلام ، فـهـي مـبـتـد عـة ، و لا يجـوز الـتـهـنـئـة بهـا لأن هـذ ا مـن إ قـر ا ر هـا } ژمارەی فەتوا 4772

جەژنەی ڕۆژو شکاندن دوای تەواو بوونی مانگی ڕەمەزانەو وە جەژنی قوربانی دوای ئەنجامدانی حەجە جگە لەم دوو جەژنەیە هیچ جەژنەی تر نیە لە ئیسلامدا جەژنەکانی تر جگە لەم دوو جەژنەدا داهێنراون، وە نادروستە پیرۆزبایی بەبۆنەی ئەم جۆرە جەژنانە چونکە پیرۆزبایی واتای پێ ڕازی بوونە .

پیاو چاکێکی تر لە زانایانی سەلەف دەفەرموێت : (لو أن رجلا عبد الله خمسين سنة ثم جاء يوم النيروز وأهدى لبعض المشركين بيضة ، يريد به تعظيم ذلك اليوم ، فقد كفر)واتە پیاوێک پەنجاساڵ پەرستنی خوا بکات دواتر ڕۆژی نەورۆز بێت هێلکەیەک بدات بە چەن موشریکێک بەمەبەستی پیرۆزی ئەو ڕۆژە ئەو کەسە کوفری کرد .

وە (ابن أبي شيبة)دەگێڕێتەوە ...دەفەرموێت ئافرەتێک پرسیار لە دایکە عائیشە دەکات دەفەرمووێت (إن لنا أظآرا من المجوس ، وإنه يكون لهم العيد اليوم فيهدون لنا فقالت : أما ما ذبح لذلك فلا تأكلوا ، ولكن كلوا من أشجارهم ) **مصنف ابن أبي شيبة87/8 الدار السلفية الهندية /الشاملة**

واتە : ئێمە شیردەرێکمان هەیە لە مەجوسیەکانە وە ئەمڕۆ جەژنیانە ( جەژنی نەورۆز ) ئینجا دیاریمان بۆ دێنن بە بۆنەی ئەم یادەوەریەوە، دایکە عائیشە ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت فەرمووی : ئەوەی کوژراوەی دەستیان بێت مەیخۆن بەڵام ئەو دیاریەی لە دار و درەختیانەوە بێت بیخۆن .

ئیمامی بەیهەقی لە (**هشام**)دەگێڕێتەوە ئەویش لە (**محمد بن سيرين**) دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : ( أتي علي رضي الله عنه بهدية النيروز فقال ما هذه قالوا يا أمير المؤمنين هذا يوم النيروز قال فاصنعوا كل يوم فيروز) السنن الكبرى **392/9** /العلمية

**واتە :**دیارییێکیان هێنا بۆ ئیمام عەلی ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت بەبۆنەی نەورۆز، فەرمووی ئەم دیاریە چیە ؟ وتیان بەرپرسی ئیمانداران ئەوڕۆ ڕۆژی نەورۆزە لەوەلامدا ئیمامی عەلی فەرمووی هەموو ڕۆژێک بکەن بە فەیرۆز بە چاکی نەزانی تەنها ناویشی بێنێت .

وە (عبد الله بن عمرو ) ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمویەتی (مَنْ بنى ببلاد الأعاجم وصنع نيروزهم ومهرجانهم وتشبه بهم حتى يموت وهو كذلك حشر معهم ) " أخرجه البيهقي في السنن الكبرى (234/9) عنه موقوفاً بسند صحيح

واتە : کەسێک بمێنیتەوە لە وولاتی (الأعاجم ) (جگە لە عەرەب پێی دەوترێت عەجەم) وەک ئەوان نەورۆز بکات و بەژداری کەرنەڤاڵەکانیان بکات وە هاوشێوەیان بکات تا دەمرێت و بەردەوام بێت لەسەر ئەم رەفتارەی لەگەڵ ئەوان کۆدەکرێتەوە لە دوارۆژدا .
دەتوانیت بۆ زیاتر سود وەرگرتن بگەڕێیتەوە سەر { اقتضاء الصراط المستقيم" (1/ 251

## حوکمی بەشداری یادەوەری نەورۆز :



لەبەر ئەوەی جەژن بەگشتی یاساو پەیرەو و پرۆگرامی ئاینە، خوای بەخشەندەو میهرەبان دەفەرمویت { **لكل أمة جعلنا منسكا هم ناسكوه....** } الحج 97

**واتە :** بۆ هەر میللەتێک بەرنامە و پرۆگرامێکمان دیاری کردووە پەیرەوی دەکەن و لەسەری دەڕۆن.
وە ئەم جەژنەیان یاساو پەیرەو و پرۆگرامە وەک( قیبلە، نوێژ، رۆژو) هیچ جیاوازی نیە، بەشداری کردن لە ئاهەنگەکانیان یان جەژنانەیان لەگەڵ بەشداری کردن لە نوێژەکانیان و بە قیبلە دانانی ئاگرەکەیان وەک یەک وایە. خوا پەنامان بدات،
بەشداری کردنی نەورۆز و باوەڕ پێ بونت بەشداری کردنتە لە کوفر و باوەڕ پێ بوونت ، وە بەشداری کردنی بەشێکی نەورۆز بەشداری بەشێکی کوفرە ،
بەڵک و جەژنەکان تایبەتمەندیەکی بەرچاون بۆ جیاکردنەوەت لە کۆمەڵانی تر و ئاشکرا کردنی ئاینەکەتە ئینجا بەشداری کردن لەم جەژنە ناپیرۆزەدا بەشداری کردنی تایبەتمەندایەتی بەرچاوی کوفرە .
بۆیە شێخ ابن جبرين دەفەرمویت { ولا تجوز إجابة دعوتهم عند الاحتفال بتلك الأعياد؛ ذلك لأن إجابتهم تشجيع لهم وإقرار لهم على تلك البدع، ويكون هذا سببا في انخداع الجهلة بذلك، واعتقادهم أنه لا بأس به، والله أعلم } **فتاوى اللؤلؤ المكين س 23**
واتە : نابێت بەدەم داواکاری بەشدار بونیان بیت بۆ بەشداری و ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەوە، چونکە وەڵام دانەوەی داواکاریەکەیان و بەشداری کردنیان هۆکاری هاندانیان دەبێت و

ڕەزامەندیە لەسەر ئەوداهێنراوەدا ، ئەمە دەبێتە هۆکاری هەڵخەڵەتانی کەسانیکی نەزان و نەفام ئیتر پێیان وادەبێت بەشداری ئەم جۆرە بیرەوەریانە شتێکی ئاساییە .

وە هاوشێوە کردنەوەی کافرەکان بەهیچ شێوەیەک لە ئیسلامدا دروست نیە و نابێت چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّـى الـلَّـهُ عَلَـيْـهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت { من تشبه بقوم فهو منهم }
هەرکەسێک هاوشێوەی میللەتێک بکاتەوە ئەوە لەو میللەتەیە؛
واتا : دورکەوتنەوەی موسوڵمانان لە پێکهاتەیان لەگەڵ کافرەکاندا لە هەر تایبەتمەندیەکیاندا { **ومعنى ذلك تنفير المسلمين عن موافقة الكفار في كل ما اختصوا به** } **الموسوعة الفقهية" (7/12).**

لە کۆتاییدا تۆی باوک هیوادارم نەهێلیت مناڵەکەت ئاگر داگرسێنێت بەبۆنەی نەورۆز وە بەشداری ئاگر داگیرسان بکات. لەسەرت واجبێکی شەرعیە قەدەغەی منداڵەکەت بکەی وە ئامۆژگاری بکەیت کە ئەم یادەوەریە یادەوەریەکی کافرەکانە نەوەک موسوڵمانان ،
هەروەها نا شەرعیە چوونە دەرەوە بۆ سەیران بەبۆنەی نەورۆز چونکە ئەمە باوبووە کە بە ناوی میهرەجان یان کەرنەڤاڵ دەردەچوونە دەرەوە بۆ گەشت لە ڕۆژی نەورۆزدا .
داواکارم لە خودای گەورە و میهرەبان لەسەر ئیمان بمان هێڵێت وە لەسەر ئیسلام بمان مرێنێت وە کۆمان بکاتەوە لەگەڵ پێغەمبەری سەروەر و سەرکردە ئامین .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.

کوڕی پاک
18 ربیع الاول 1430 کۆچی